# وێنـەی هەرێـم لـە بـانگەشەی هەڵبژاردنـی هێـزە شیعەکاندا

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

**دەسپێك**

هەرچەندە بڕیارە هەڵبژاردنی گشتیی عێراق لە ١١/١١ بەڕێوە بچێت، بەڵام بانگەشەی هەڵبژاردن ماوەی چەند هەفتەیەکە پێشوەختە دەستی پێ کردووە. لەم کێبڕکێیەدا، هێزە ڕکابەرە شیعە و سوننەکان هەموو کارتەکانیان دژی یەکتر بەکار دەهێنن. لەم سەروبەندەدا و لە چوارچێوەی ململانێی ناوخۆیی هێزە شیعەکان و لەگەڵ دەرەوەی خۆیشیاندا، چەند دۆسیەیەکی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان دەبنە کەرەستە. بەتایبەت هەردوو گرووپی وەک "کەتیبەکانی حزبوڵڵا" و "عەسائیبی ئەهلی هەق"، کە گرنگییەکی زۆر بە میدیا دەدەن، زیاتر جەخت لەسەر پرسی هەرێم دەکەنەوە. ئەم شرۆڤەیە جگە لە گوتاری لیستەکەی سوودانی، کە هی حکوومەتە، تیشک دەخاتە سەر گوتاری سیاسیی ئەم لایەنانە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

**حەشد و بەعس وەك کەرەستەی هەڵبژاردن**

لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، "چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعی" بە چەند لیستێکی جیاوازەوە دەچێتە نێو کێبڕکێی پەرلەمانی عێراق. لایەنە سەرەکییەکانی ئەم ململانێیە بریتین لە لیستی "ئاوەدانی و گەشەپێدان"ی سوودانی، سەرۆکوەزیران، لە بەرامبەر لیستە ڕکابەرە شیعەکانی دیکەدا، وەک "دەوڵەتی یاسا"ی مالیکی، "ڕێکخراوی بەدر"ی هادی عامری، "سادقون"ی قەیس خەزعەلی و، "هێزەکانی دەوڵەت" بە بەشداریی عەمار حەکیم و حەیدەر عەبادی.

ئەوەی تا ئێستا ئەم هێزانە بۆ جۆشدانی بنکەی جەماوەریی خۆیان گرنگیی پێ دەدەن، چەند تەوەرێکی دیاریکراوە کە گرنگترینیان بریتین لە: یاسای حەشدی شەعبی، پرسە پەیوەستەکان بە هەرێمی کوردستان، هەروەها وروووژاندنی مەترسیی گەڕانەوەی بەعس بۆ حوکمڕانی لە دەروازەی هەڵبژاردنەوە. جێی سەرنجە، هەر یەک لەم سێ دۆسیەیە پەیوەندیی بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسییەوە هەیە (شیعە، سوننە، کورد)، کە بایەخ و گرنگییەکەی بۆ لیستەکان بەم جۆرەیە:

**یەکەم: یاسای ماف و ئیمتیازاتەکانی حەشدی شەعبی**

ئەم یاسایە، لە ڕواڵەتدا، ئامانجی مسۆگەرکردنی مافی نزیکەی ٢٣٦ هەزار چەکدار و کارمەندی حەشدی شەعبییە، کە بوودجەیەکی ساڵانەی سێ تریلیۆن دیناریان بۆ تەرخان کراوە[1]. ئەم پرسە بۆ هەموو هێزە شیعەکان و بنکە جەماوەرییەکەیان بایەخێکی ستراتیژیی هەیە، چونکە:

لە ڕووی جەماوەرییەوە: ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بژێویی ژیانی هەزاران خێزانەوە هەیە کە بنکەیەکی گرنگی

دەنگدان پێک دەهێنن.

**لە ڕووی سیمبولییەوە:** حەشدی شەعبی لەنێو کۆمەڵگەی شیعەدا پیرۆزییەکی تایبەتی وەرگرتووە و وەک هێزێکی "موقەدەس" (پیرۆز) سەیر دەکرێت؛ ئەمەیش وای کردووە هیچ لایەنێک نەتوانێت بەئاشکرا دژایەتیی بکات.

**لە ڕووی سیاسییەوە:** ڕۆڵی حەشدی شەعبی، لە هێزێکی ئەمنییەوە گۆڕاوە بۆ "پارێزەری سیستەمی سیاسی" و، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەرگریکاری پێکهاتەی شیعەیە، بەتایبەت دوای گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە.

وەک نمایشێکی سیاسی و بۆ نیشاندانی پشتیوانی، نزیکەی ١٠٠ پەرلەمانتاری شیعە پلانیان داناوە بە جلی سەربازییەوە دەنگ بە پرۆژەیاساکە بدەن [2]. بەڵام لە پشت ئەم نمایشە ڕواڵەتییەوە، ناکۆکیی قووڵ لەنێو لایەنە شیعەکاندا هەیە، بەتایبەت لەسەر: وردەکارییەکانی یاساکە، دیاریکردنی سەرۆکایەتیی داهاتووی دەستەی حەشد و، میکانیزمی دابەشکردنی بوودجە زەبەلاحەکەی[3]. بەڵگەی ئەم ناکۆکییەیش ئەوەیە کە لە کۆی زیاتر لە 180 پەرلەمانتاری ناوچە شیعەنشینەکانی عێراق، تەنیا دەوروبەری 100 کەسیان بەپەرۆشەوە کار بۆ تێپەڕاندنی یاساکە دەکەن و لیستی واژۆکانیان بڵاو کردۆتەوە[4]؛ ئەمەیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو دوودڵن یان مەرجیان هەیە.

**دووەم: بنبڕکردنی بەعس وەک کارتی گوشار**

بنبڕکردنی بەعس، یەکێکە لە ڕێکارە دەستوورییە کاتییەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ بۆ قۆناغی ڕاگوزەر، بەڵام دوای ٢٢ ساڵ هێشتا وەک چەکێکی یاسایی و سیاسی بۆ دوورخستنەوەی ڕکابەرەکان بەکار دەهێنرێت. بەم دواییانە مالیکی و لیستەکەی، پێداگرییەکی زۆر دەکەن لەسەر ڕێگەگرتن لە کاندیدبوونی بەعسییەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو[5]. ئەمەیش لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت و هەروا وەك بۆچوونێکی تایبەتی خۆیان تەماشای ناکرێت؛ دەشێت زیاتریش بۆ بەئامانجگرتنی ڕکابەران بێت. لەم بەینەیشدا "دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری" زیاتر لە ٤٠٤ پاڵێوراوی بە تۆمەتی بەعسیبوون بانگهێشت کردووە[6]، کە ئەگەری ڕەتکردنەوەی زۆرێکیان هەیە (باسی 250 پاڵێوراو هەیە). هەرچەندە ئەم ژمارە بانگکراوە تەنیا نزیکەی ٥٪ی کۆی ٧٩٢٦ کاندید پێک دەهێنێت، بەڵام ژمارەکە کەم نییە، بەتایبەت کە هەندێك لەوانە چەند خولێکی پێشوو پەرلەمانتار بوون و دەرکەوتوون و بنکەی دەنگدەرانی خۆیان هەیە.

وەک حەیدەر عەبادی، سەرکردە لە چوارچێوەی هاوئاهەنگی، جەختی کردەوە کە، ئەم دۆسیەیە بۆ دوو مەبەستی سەرەکی بەکار دەهێنرێت: لە لایەك پەراوێزخستنی سیاسی و بۆ لابردنی ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا پلەی باڵایان هەبووە. لە لایەکی دیکەوە بۆ گەندەڵیی دارایی؛ چونکە بەپێی زانیارییەکان، هەندێک جار چاوپۆشی لە دۆسیەی بەعسییەکان دەکرێت بەرامبەر بە پارە (بەرتیل)، یان دۆسیەکەیان قورستر دەکرێت بۆ ناچارکردنیان بە پارەدان[7].

هەندێك لە لایەنە سوننییەکانیش پێیان وایە ئەمە شێوازێکی ناڕاستەوخۆی ململانێیە لەبری ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی لە گۆڕەپانەکەدا ـ هۆشداری لە دەرەنجامە خراپەکانیشی دەدەن[8]. هەرچەندە ئامارەکانیش دەری دەخەن ١٤٥ کاندیدی شیعە، ٩٤ی سوننە و ١١ی کورد بە تۆمەتی بەعسیبوون

ڕووبەڕووی لێپرسینەوە بوونەتەوە، بەڵام لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، تۆمەتی بەعسیبوون، تیرۆر (قاعیدە و داعش) و، وێرانکردنی وڵات، بە شێوەیەکی گشتی ئاراستەی پێکهاتەی سوننە دەکرێت، بەتایبەت لەلایەن کەسایەتییە شیعە چالاکەکانی نێو میدیا و سۆشیال میدیا.

ڕەخنەگران دەپرسن: بۆچی هەندێک لەو کەسانەی ئێستا دۆسیەیان بۆ دەکرێتەوە، لە خولەکانی پێشوودا پەرلەمانتار بوون و کێشەیان نەبوو؟ لە وەڵامدا دوو بۆچوونی جیاواز لەنێو لایەنە شیعەکاندا هەیە: بۆچوونی یەکەم، ساڵانی پێشوو ئاسانکاری کراوە، بەڵام ئەم جارە پرسەکە "بەهەند" وەرگیراوە[9]. بۆچوونی دووەم، ئەم وردبینییە نوێیە، لە ترسی گۆڕینی سیستەمی سیاسی یان گەڕانەوەی بەعسییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەتایبەت دوای گۆڕانکارییەکانی سووریا. ئەم نیگەرانییە لەنێو ناوەندی شیعیدا زۆر بەجددی وەردەگیرێت و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ئاماژەی پێ دەکرێت.

**سێیەم: بەکارهێنانی پرسی هەرێم لە بانگەشەی هەڵبژاردندا**

لەوەتەی هاوپەیمانیی کورد و شیعە لە سەردەمی دووەمی مالیکی (٢٠١٠-٢٠١٤) بەهۆی کێشەی نەوت و ناکۆکیی هەرێمییەوە لاواز بوو، پرسی هەرێمی کوردستان بووەتە کەرەستەیەکی باوی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ هێزە شیعەکان.

پێشبینی دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتووش کێشەی بوودجە و نەوت بە هەمان ئاراستەدا بەکار بهێنرێت، چونکە ئەمە دەرفەتێک دەداتە محەمەد شیاع سوودانی تا خۆی وەک سەرکردەیەکی بەهێز لە بەرامبەر هەرێم نیشان بدات و وەڵامی ئەو ڕکابەرانەی بداتەوە کە بە سازشکار ناوی دەبەن.

ئەم دۆسیەیە هەرچەندە کۆنە (لە ٢٠١٢وە دەستی پێ کردووە)، بەڵام هەمیشە لە ساڵی کۆتایی کابینەکاندا (وەک لە سەردەمی عەبادی، عەبدولمەهدی، کازمی و، ئێستا سوودانی بینراوە) گرژیی تێ دەکەوێت. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە لەو قۆناغەدا، "سەردەمی دڵڕاگرتن" تەواو دەبێت و حیساباتی هەڵبژاردن و ڕازیکردنی شەقامی شیعی دەبێتە ئەولەوییەت. لایەنە شیعەکان باش دەزانن کە پشتیوانیی کورد بۆ پێکهێنانی حکوومەت دوای هەڵبژاردن پێویستە، بەڵام ڕازیکردنیان پێش هەڵبژاردن، لە ڕووی جەماوەرییەوە زیانیان پێ دەگەیەنێت و ئەو ڕازیکردنە بۆ هاوپەیمانی یان بەشداریکردنی حکوومەت، پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان و لە قۆناغی دروستکردنی هاوپەیمانییەکاندا دەست پێ دەکات.

**هەڵوێستی سوودانی و لیستەکەی: ستراتیژیی ویلایەتی دووەم**

محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیران، بە لیستی تایبەتی خۆی و بە پڕۆژەی مسۆگەرکردنی ویلایەتی دووەم (٢٠٢٤-٢٠٢٨) بەشداریی هەڵبژاردن دەکات. گوتاری سەرەکیی لیستەکەی، ئاراستەی چینی ناوەند کراوە، کە کاسبکاران، فەرمانبەران، ئەفسەران و سوودمەندانی دەوڵەت لەخۆ دەگرێت، بەتایبەت لە بەغدای پایتەخت.

**ستراتیژیی بانگەشەی سوودانی پشت بە چەند تەوەرێکی سەرەکی دەبەستێت:**

**سیاسەتی دەرەوە:** دوورخستنەوەی عێراق لە ململانێ و جەمسەرگیرییەکانی ناوچەکە (وەک جەنگی غەززە و ناکۆکییەکانی ئێران و ئیسرائیل).

**بانگەشەی کەسی (شەخسی):** خۆی وەک کاندیدی یەکەمی لیستەکەی لە بەغدای پایتەخت ناساندووە.

**ستراتیژیی میدیایی:** کەڵکوەرگرتن لە میدیای فەرمیی دەوڵەت (تۆڕی میدیای عێراقی) و دروستکردنی میدیای سێبەر و بەکارهێنانی کەسایەتییە کاریگەرەکانی سۆشیال میدیا.

**کەرتی گشتی و خزمەتگوزاری:** فراوانکردنی دامەزراندن و تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی (کە وەزیرەکەی کاندیدە لە لیستەکەیدا و زیاتر لە دوو ملیۆن خێزانی سوودمەندی هەیە).

**پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان:** جەختکردنەوە لەسەر پڕۆژە ئاوەدانییەکانی بەغدا، کە کاریگەریی بەرچاویان لەسەر کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و جوانکردنی شارەکە هەبووە.

**پێکهاتەی لیستەکەی:** کۆکردنەوەی پێکهاتەیەکی هەمەچەشن لە عەشایەر، کەسایەتیی چەکداری شیعە، وەزیر، پارێزگار و پەرلەمانتاری ئێستا.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، سوودانی شێوازێکی جیاواز لە مالیکی پەیڕەو دەکات. لەبری "شەڕە لێدوان"، بە بێدەنگی و لە ڕێگەی گوشاری کردەییەوە کار لەسەر دۆسیەکانی نەوت، داهاتی ناوخۆ و مووچە دەکات. لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا، جگە لە چەند لێدوانێکی نەرم بۆ ڕۆژنامەی "شەرقولئەوسەت"[10]، هیچ گرژییەکی زارەکیی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم دروست نەکردووە. بەڵام خاڵی لاوازیی لیستەکەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستادا زیاتر دەردەکەوێت، ئەویش نەبوونی دیدگەی هاوبەشە. بۆ نموونە، "حەنان فەتلاوی"، کە لە لیستی سەرۆکوەزیرانە، پێشنیازێکی ناواقعی دەکات کە بریتییە لە "هەر کەس نەوتی خۆی بۆ خۆی و، خۆی مووچەی خۆی بدات"[11]، کەچی بەها ئەعرەجی، کەسایەتییەکی دیاری لیستەکەیە، هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکە دەدات و لە دەرکەوتنەکانیدا لێدوانەکانی بەرامبەر هەرێم ئەرێنین[12]. ئەم فرەچەشنییە بێهەماهەنگییەیش، ئەگەری لێکترازانی لیستەکەی لە دوای هەڵبژاردنەکان زیاتر دەکات.

### گوتاری هێزە وەلائییەکان دژی هەرێم

لە بانگەشەی هەڵبژاردنی داهاتوودا، دیارترین ئەو هێزانەی کە پرسی هەرێمی کوردستان وەک کەرەستەی بانگەشە بەکار دەهێنن، باڵە چەکدارییە نزیکەکانی ئێرانن؛ بەتایبەتی "کەتیبەکانی حزبوڵڵا" و "بزووتنەوەی عەسائیب"، کە بەهۆی هەژموونی بەرفراوانیان لە میدیای کلاسیک و سۆشیال میدیادا، پێشڕەوی ئەم ڕەوتەن.

بەپێی چاودێرییەک کە بۆ ئەم شرۆڤەیە کراوە، میدیای ئەم دوو هێزە لە بانگەشە پێشوەختەکاندا، بە پشتیوانیی چەند سەرچاوەیەک وێنەیەکی تایبەتی هەرێم بۆ بینەرانیان دەنەخشێنن. سەرچاوەکانیان بریتین لە: سەرچاوە میدیاییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی،  میوان و کەسایەتییە بانگهێشتکراوەکانیان لە هەرێمی کوردستانەوە،  چاودێریکردنی وردی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی میدیای کوردستان.

لەسەر بنەمای ئەم سەرچاوانەیش، وێنەی هەرێم بەم ناوەڕۆک و پەیامانەی خوارەوە نمایش دەکەن:

**1_ ناوەڕۆکی چەند هەواڵێکی میدیای حزبوڵڵا:**

_ هەرێمی کوردستان بەردەوام گوشار دەخاتە سەر بەغدا بۆ دەستخستنی پارە، تا لە بانگەشەی هەڵبژاردندا کەڵکی لێ وەربگرێت.[13]

_ هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ لە عێراق مامەڵە دەکات؛ ئەمەیش پێچەوانەی زەقی دەستوور و پرۆسەی سیاسییە. هەرێم وەك لایەنێکی دەرەکی مامەڵە دەکات کە سەر بە عێراق نییە. پارەی نەوت و دەروازە سنوورییەکان دەچنە حیسابی حزبی حوکمڕان بەبێ چاودێری.[14]

_ لێدوانەکانی کۆنگرێسمانی ئەمریکی، جۆ ویلسۆن، دژی عێراق، لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە پاڵپشتیی دارایی کراون (سپۆنسەر کراون).[15]

_ لێدوانەکانی جۆ ویلسۆن، خزمەتی بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن لە عێراقدا دەکات و ئامانج لێی سەپاندنی گەمارۆیە بەسەر وڵاتەکەدا [16].

_ پرۆسەیەك هەیە بۆ بەشەیتانکردنی حەشدی شەعبی، لە کاتێکدا چاوپۆشی لە گرووپە چەکدارەکانی دیکە دەکرێت؛ چ لە هەرێمی کوردستان بێت (پێشمەرگە) یان جێگەی دیکەی عێراق.[17]

_ بەردەوامیی ئاودیوکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە لێکەوتەی کارەساتباری دەبێت. ئەم دۆسیە مەترسیدارە، عێراق تووشی سزای نێودەوڵەتی دەکاتەوە.[18]

حکوومەتی هەرێم بەردەوامە لە پێشێلکاریی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ بەغدا، ئامادە نییە نەوت ڕادەستی بەغدا بکات و بەئامانجگرتنی کێڵگە نەوتییەکان دەکاتە پاساو؛ لە کاتێکدا ناشەفاف و بێمتمانەیە و بەئەنقەست دەستیدەستی دەکات..[19]

_ سوودانی تۆمەتبارە لە دواخستنی بنەجێکردن (تەوتین)ی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ـ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمیشیدا خزمەتی یەکتر دەکەن. حکوومەتی بەغدا بەردەوامە لە مامەڵەکردن لەگەڵ گەندەڵکارانی هەرێم و مووچەیان بۆ ڕەوانە دەکات، لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ بە فەرمانبەرانی هەرێمی بدات.[20]

_ نەوتی هەرێمی کوردستان بەرەو تورکیا دەبردرێت؛ لەناو بەرمیلیشدا بەو بارهەڵگرانە دەگوازرێتەوە کە هی حزبەکانی دەسەڵاتن. بۆ چەواشەکاریش شمەك و کەرەستەی دیکەی بەسەردا دەکرێت بۆ شاردنەوە.[21]

_ حکوومەتی هەرێم مافی نیشتەجێبوونی بە بەعسییەکان داوە و پاسەوانی پێویستی بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دابین کردووە؛ زۆر لەوانەیش داواکراون و فەرمانی گرتنیان هەیە. تەنیا ڕاڕەوی هاتوچۆکردنی بەعسییەکان بۆ دەرەوە، "فڕۆکەخانەی هەولێر"ە. سەرکردەکانی بەعس لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێم چەندان کۆبوونەوەی ڕانەگەیەنراویان کردووە و پاسەوانیان بۆ دابین کراوە[22].

_ هێزە کوردییەکانی دەسەڵات، دۆسیەی مووچە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنن، لەبەر ئەوەیش بنەجێکردنی مووچە ڕەت دەکەنەوە تا قازانجی زیاتر لەم دۆسیەیە بکەن. لەناو لیستەکانی مووچەی هەرێمدا هەزاران ناوی وەهمی هەن، کەچی فەرمانبەری ڕاستەقینە سادەترین مافی داراییی خۆیان نییە.

پێویستە حکوومەتی فیدراڵی ئەم دۆخە دژوارە ڕاست بکاتەوە [23].

**میدیای عەسائیب:**

لە میدیای عەسائیبدا، کە کەناڵی بینراو و ماڵپەڕی خوێنراویان هەیە، دەربارەی کوردستان ئەم هەواڵانە بە ڤیدیۆ و نووسراو زەق کراونەتەوە:

_ بانگەشەی هەڵبژاردن و کەڵکوەرگرتن لە دۆسیەکانی هەرێم بۆ ئەم وێستگەیە، لە ڕووماڵە میدیاییەکاندا ئامادەیە.

_ هەولێر داڵدەی بەعسییەکان دەدات و بەغدا بەڵگەکانی پێ داوە، بەڵام ئەو ئامادە نەبووە گفتوگۆی لەسەر بکات[24].

_ هەولێر و تورکیا ڕێککەوتنی پەنجا ساڵەیان هەیە. ئەمەیش ئیمتیازی زۆری بە ئەنقەرە داوە لەناو هەرێمی کوردستان، لەوانەیش بنیاتنانی بنکەی سەربازی.[25]

_ ڕۆژنامەیەکی ئێرانی: ڕاڕەوی داودی ئیسرائیلی کە دەگاتە هەرێمی کوردستان، پشتێنەیەکە وڵاتانی ناوچە کاول دەکات [26].

_ هەرێم ساڵێکە لەنێو بۆشایی سیاسی و کارگێڕیدایە؛ بەهۆی کۆنەبوونەوەی پەرلەمان و دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ.[27]

_ ئۆپۆزیسیۆن دەڵێت: پاش 23 ساڵ لە خۆبەڕێوەبەری (لە ٢٠٠٣وە)، کوردستان بووەتە جێگەی ڕەخنە، بەهۆی بێتوانایی لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و بڵاوبوونەوەی چەکی لەکۆنترۆڵدەرچوو..[28]

_ کێشەکانی هەرێم بەردەوامن... وشکەساڵی و کەمبوونەوەی بەرهەم، بڕستی لە وەرزی ترێ بڕیوە لە سلێمانی[29].

_ لە کوردستان هەڵمەتی گرتن و سەرکوتکاریی قەزایی و میدیایی هەیە و، ئۆپۆزیسیۆنی دژەگەندەڵی دەکاتە ئامانج. هەروەها لەوێ پەیوەندیی جێگە گومان هەن، لەوانەیش پەیوەندی لەگەڵ "قەوارەی زایۆنی"[30].

_ کوردستان لەژێر گوزری سەرکوتکردندایە؛ ئازادییەکان دەخنکێنرێن[31].

_ **گرتنی ڕۆژنامەوانێك، هەڵکشانی سەرکوتکردنی ئازادی لە کوردستان دەردەخات [32].**

_ کوردستان لە لاوازترین دۆخی خۆیدایە؛ قەیرانی بەڕێوەبردنی هەیە.[33]

_ هەرێمی کوردستان لە قەیرانی مووچە سوودمەندە. یەکێتیی نیشتمانی (لەو قەیرانەدا) لەگەڵ بۆچوونی بەغدایە.[34]

_ حکوومەتی کوردستان بەردەوامە لە ئاودیوکردنی دەوروبەری 250 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە؛ سوودمەندانی پشت پرۆسەکە ناهێڵن هەناردە بکرێت.[35]

_ درۆنەکان وەك پەڵپ بۆ خۆدزینەوە لە ڕێککەوتنە نەوتییەکان بەکار دەهێنرێن [36].

_ حکوومەتی هەرێمی کوردستان "نەخۆشخانەی هیوا"ی کردووەتە گۆڕستانی بەکۆمەڵ بەهۆی فەرامۆشکردنی بەئەنقەستەوە. دەرمانی تەرخانکراو بۆ ئەم نەخۆشخانەیە ئاودیوی تورکیا دەکرێت.[37]

_ چوار ترلیۆن دینار لە دەرەوەی بوودجەیە... ژمارەی دزییەکانی نەوت لە هەرێم، فەلەکییە و نیوەیشی بۆ کۆمپانیا بیانییەکانە[38].

_ هەموو دەروازە سنوورییە قاچاخەکان لە سنووری هەرێمی کوردستاندان.[39]

_ لە کوردستان وەك موڵکی شەخسی مامەڵە لەگەڵ نەوت دەکرێت؛ هۆکاری قەیرانەکانیش دەسەڵاتداریی خۆسەپێنە.[40]

_ خاوەن بڕوانامە باڵاکانی کوردستان لەبەر دۆخی سەختیان کۆچ دەکەن .[41]

_ بەهۆی گەندەڵیی دەسەڵاتەوە... هەرێم بێئاو و کارەبایە؛ هیچ هیوایەکیش لە ئاسۆدا نییە **[42]**.

_ ڕێگەی نوێ بۆ ئاودیوکردنی نەوت دۆزراوەتەوە کە لە کۆنەکان جیاوازترە [43].

_ ئاسایشی پەرلەمان: هۆکاری چەکی ڕێکنەخراو لە هەرێم، هێزە حوکمڕانەکانی هەرێمە [44].

**شیکاریی گوتاری میدیایی: ستراتیژ و ئامانجەکان**

لەسەر بنەمای ڕووماڵی میدیاییی ئەم دوو هێزە ئەوپەڕگیرە شیعەیە، دەتوانرێت چەند ستراتیژ و پەیامێکی سەرەکی دەستنیشان بکرێت:

_ بەکارهێنانی زانیاریی ڕاست و تێکەڵکردنی بە بانگەشەی ناڕاست بۆ ئاراستەکردنی ڕای گشتی، بەبێ هیچ هاوسەنگییەک و پشتبەستن بە سەرچاوەی دیکەی جیاواز.

_ تیشکخستنە سەر ڕۆڵی تورکیا لە هەرێم و، بەئەنقەست فەرامۆشکردنی ڕۆڵی ئێران لە پرۆسەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمدا.

_ هەوڵدان بۆ کاڵکردنەوەی ئەو وێنە ئەرێنییەی کە پێشتر هەرێم وەک ناوچەیەکی ئاوەدانتر لە ناوەڕاست و باشوور هەیبوو، ئەویش لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر قەیرانەکان؛ تەنانەت ئەوانەی سروشتییشن، وەک وشکەساڵی.

_ ناشیرینکردنی ناوبانگی هەندێك لەو دامەزراوانەی فیدباکیان باشە، وەک بێبایەخکردنی نەخۆشخانەی هیوا، کە وەک سەنتەرێکی گرنگی چارەسەری شێرپەنجە لەسەر ئاستی عێراق ناسراوە.

_ بەکارهێنانی کێشەکانی وەک مووچە، پێشێلکارییەکان دژی ڕۆژنامەنووسان و، خراپ بەڕێوەبردن، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە دۆخی هەرێم لە هی ناوچەکانی دیکەی عێراق باشتر نییە.

_ وێناکردنی هەرێم وەک هەڕەشە لەسەر عێراق؛ لە ڕێگەی وێناکردنی وەک: پەناگەی ئیسرائیل، باخچەی پشتەوەی تورکیا و، مۆڵگەی سیخوڕی و لانکەی بەعسییەکان.

_ تۆمەتبارکردنی حکوومەتەکەی سوودانی بە کەمتەرخەمی و هاوکاریکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێم، بۆ لاوازکردنی پێگەی سەرۆکوەزیران لەنێو شەقامی شیعیدا.

**ئەم گوتارە میدیاییەیش دوو ئامانجی سەرەکی دەپێکێت:**

_ پاساوهێنانەوە بۆ حوکمڕانی شیعی و ناوەندگەراییی بەغدا: بە نیشاندانی ئەوەی کە دۆخی هەرێمی کوردستانیش خراپە و نموونەیەکی باشتر نییە، لە ڕێگەی تیشکخستنە سەر قەیران و کەموکوڕییەکان و خۆلادان لە باسکردنی هیچ لایەنێکی ئەرێنی. بەمەیش پاساو بۆ کەموکوڕی و گەندەڵییەکانی حوکمڕانی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق دەهێننەوە.

_ وورووژاندنی شەقامی شیعی و عەرەبی دژی هەر جۆرە نزیکبوونەوەیەک لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێم، بە بیانووی ئەوەی ئەوان "خۆسەپێن، گەندەڵ و، هاوپەیمانی ئیسرائیلن".

[1] https://2h.ae/HBdR

[2] https://2h.ae/hROX

[3] https://2h.ae/oFXa

[4] https://2h.ae/CUFq

[5] https://2h.ae/LKuY

[6] https://2h.ae/DpFk

[7] https://2h.ae/cgSU

[8] https://2h.ae/xkXN

[9] https://2h.ae/RCdD

[10] https://2h.ae/NGRA

[11] https://2h.ae/ybpK

[12] https://2h.ae/vRci

https://2h.ae/OWRZ [13]

https://2h.ae/tXyV [14]

https://2h.ae/PSyO [15]

https://2h.ae/zCGI [16]

https://2h.ae/KQif [17]

https://2h.ae/wKGg [18]

https://2h.ae/ojYR [19]

https://2h.ae/CfeB [20]

https://2h.ae/DdIc [21]

https://2h.ae/UqKN [22]

https://2h.ae/RVOT [23]

https://2h.ae/EMCC [24]

https://2h.ae/UArT [25]

https://2h.ae/eoEK [26]

https://2h.ae/JLVD [27]

https://2h.ae/SQIi [28]

https://2h.ae/hCCr [29]

https://2h.ae/tqPo [30]

https://2h.ae/EHvY [31]

https://2h.ae/qBwp [32]

https://2h.ae/MuMF [33]

https://2h.ae/PlRp [34]

https://2h.ae/mrWG [35]

https://2h.ae/OrXe [36]

https://2h.ae/sRXj [37]

https://2h.ae/EHKn [38]

https://2h.ae/lnAG [39]

https://2h.ae/wGoC [40]

https://2h.ae/yrKO [41]

https://2h.ae/CQrD [42]

https://2h.ae/mxFy [43]

https://2h.ae/XMwY [44]